# پۆست ئیسلامیسم وەک هەرەسی ئیدیۆلۆژی

(لە رۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوبووەتەوە)

عادل باخەوان
پاریس




تێبینی:

**(هەرەلەسەرەتاوە دەبێت ئەوە روون بکەینەوە کە باسکردنمان لە ئیسلامیسم باسکردننیە لە ئیسلام. ئیسلامیسم فۆرمێکی مۆدێرنی ئیدیۆلۆژیە و هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسیە. ئیسلامیش ئاینێکی جیهانگیرە وەک هەریەکێکیتر لە ئاینەکان. ئەم دوو دیاردەیە دوو گەردوونی لەیەک جوودان و تەحلیلی ئێمە لەسەر ئیسلامیسم و ئەکتەرەکانیەتی نەک لەسەر ئیسلام و موسوڵمانەکان ).**

لە دونیای ئەمرۆدا تێبینی شکستێکی بەرچاوی ئیسلامیسم دەکەین. شکستێک کە هیچ پەیوەندیەکی بە پرۆژەی نائیسلامیزاسیۆنەوە نیە؛ بە پێچەوانەوە، لە نێو جەرگەی ئۆتۆنۆمیبوونی سیاسیەت لە ئاینەوە سەرچاوە دەگرێت. بەتایبەتیش لەو کۆمەڵگایانەدا کە سیاسەت نایەوێت ژ بەئاین کاربکات و زیاترلەوەش ئاین وەک سەرچاوە بەکاردەهێنێت. وە هەر لەنێو پانتایی کراوەی ئەو ئۆتۆنۆمیزاسیۆندایە کە کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیدروستدەکات.

دەرەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانیەکانمان ئەوەمان بۆدەردەخەن کە زۆربەی زۆری تەوژمە ئیسلامیە سەرەکیەکان چوونەتە نێو کێلگەی سیاسەتی ناسیۆنالەوەو یاریەکانی نێو ئەو کێڵگەیەیان بەهێزکردووەو بەدوای خۆشیاندا ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی کە دوورخرابووەوە لە جیهانی سیاسەت هێنایە نێو کێڵگەوە. لێرەوە ئەو گرووپانە لەسەر ئاستی پراتیک کار لەسەر سیاسەتی کۆنکرێت دەکەن: بۆنموونە ئەوان ئێستا لە کایە سیاسیەکانیاندا پلۆرالیسمی سیاسی رامدەهێنن و لەسەر ئاستی پراتیکیش مومارەسەی دەکەن، هەرچەند لە رووی تیۆریەوە تائێستا گرفتیان لەگەڵ ئەو چەمکەدا هەیە و زۆر قورسە لەسەریان تیۆریزەی بکەن.

توانەوەی ناسیۆنالیسم لە ئیسلامیسم و ئیسلامیسم لە ناسیۆنالیسمدا، یاخود سرینەوەی سنورەکانی نێوان هەردوولا، رێگای خۆشکردووە بۆ ئەوەی کە ئیسلامسیستەکان تەواو لە ناسیۆنالیستە سێکیولاریستەکان نزیکببنەوە. بەقەدەر ئەوەندەی ناسیۆنالیستە سێکیولاریستەکان لاپەرە ئیدیۆلۆژیەکانیان دەدرێنن، ئیسلامیستەکانیش خەریکی کوژانەوەی ئەو جوملانەن کە پێشتر ئیدیۆلۆژی ئیسلامیسمیان پێنووسیەوە:

لە کاتێکدا کە ئیسلامیستەکان رازیدەبن بەوەی کە لە نێو دوڵەتی-نەتەوە بەمانا رۆژئاواییەکەی بژین، لە کاتێکدا کە پلۆرالیسمی سیاسی دەیان گەیەنێتە ئەو ئاستەی کە دیموکراسی قبوڵبکەن، لە کاتێکدا ئەوان رازیدەبن بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی نەک کەمەڵگەی مەدەنی ئیسلامی، کەواتە ئیتر چیدەمێنێتەوە لە ئیسلامیسم وەک ئیدۆلۆژی؟ ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها کارکردنە لەسەر چاندنی کۆمەڵێک بەهای دژ بە رۆژئاوا. کۆمەڵێک بەهای کۆنسێرڤاتریس کە لای ئیسلامیستەکان و ناسیۆنالیستەکان وەکیەک دەبینرێت. لەم سەرشارەوە، ئیتر پرسیاری ئافرەت و پرسیاری ئەخلاق دەبن بە بابەتی سەنتراڵی کۆنسێرڤاتۆرەکانی پۆست ئیسلامیسم.

ئەم رێگایەش دەمانباتەوە سەرئەوی کە سەرلەنوێ پرۆژەی ئیسلامیزاسیۆن بخەینەوە ژێرپرسیارو تێبینی. ئەمپرۆژەیە کە سەرەتا لەگەڵ تەوژمی ئیسلامیدا هات، لە ئێیستادا و لە دونیای پۆست_ئیسلامیسمدا پەرژینەکانی ئۆتۆنۆمی خۆی لە پرۆژە سیاسیەکان دروستدەکات و لە پانتایکەدا دەجوڵێتەوە کە هەرلە بناغەوە دژە بە پرۆژەی ئیسلامیست و چەسپاندنی شەریعەت.

لەم ناوەندەدا دوو لۆژیکی یەکترپڕی دژبەیەکی جودا تێبینیدەکرێت: یەکەمیان بریتیە لە بەهێزکردنی دەوڵەتی-نەتەوە، ئەوەش لە رێگای چوونە نێو کێەڵگەی سیاسەتی ناسیۆنالەوە. دووەمیشیان بریتیە لە ناسەنترالیزەکردنی دەوڵەتی کۆمەڵگەیەک کە هەر لەبناغەوە لەتبووە، ئەوەش لەرێگای تێپەراندنی ناسیۆنال بە ترانس-ناسیۆنالەوە( نموونە: برایەتی جیهانی، دروسکردنی بزوتنەوەی دەعەوی، هیجرەتکردن).

بەدیوێکیتردا ئەو رژێمانەی لە جیهانی ئیسلامیدا دەسەڵات دەبەن  بەرێوە خۆیان لەبەردەم دوو گریمانەدا دەبیننەوە: یەکەمیان بریتیەلە کردنەوەی دەرگاکانی سیاسەت بەسەر دیموکراسی و پلۆریالیسمداو هەروها پراکتیککردنی ژیانی پەرلەمانتاری. دیارە ئەمەش بە تازەکردنەوەی کێڵگەی کۆمەڵایەتی دەکرێت و بەبێ ئەو تازەگەرییە ئەستمە کارێکی وا ئەنجامبدرێت. واتە بەبێ نوێکردنەوەو مۆدێرنیزەکردنی پانتاییە کۆمەڵیەتیەکان ئەم پرۆژە زەحمەتە سەربگرێت. ئەگەری دووەمیش بریتیەلە رێکەوتنی ئەو رژێمانە لەگەڵ هێزە کۆنسێرڤاتۆرەکاندا لەسەر کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی و ترادیسۆنێل کە بەهچ شێوەیەک دەسکاری ستراکتۆری دەسەڵات ناکات و بە پێچەوانەوە تەمەنی درێژدەکاتەوە. وەدیارە ئەو جۆرە رێکەوتنەش هەمیشە لەسەر دژایەتیکردنی بەهاکانی رۆژئاوا دەکرێن. دەرەنجامی ئەم سیاسەتەش دواتر ترسناک لەسەرهەمووان دەکەوێتەوە. وە ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەر پرسە (بەتایبەتی لە سعودیە و پاکستان) لە بەرهەمهێنانی تەوژمی (نێو-فۆندامۆنتالیسمی بێسنوور). ئەو وڵاتانە لە لایەک خۆیان بە هاوسەنگەرو هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانن و لەلایەکیدیکەوە هەموو رێکەوتنەکانیان لەگەڵ هێزە کۆنسێرڤاتۆرەکان لەسەر دژایەتیکردنی بەهاکانی رۆژئاوا دروستکردووە. وە لەسەر هەمان مێتۆد، بە شێکی هەرەگەورەی وڵاتانی ئیسلامی کاردەکەن، ئەم مێتۆدە بریتیەلە سەرکووتکردنی ئیسلامی رادیکاڵ، بەرسمیکردنی دەزگا ئاینیەکان، رەدکردنەوەی هەموو کرانەوەیەک بەسەر دێمۆکراسیدا.

بەرچاوترین وانەی ساڵانی رابوردوو لە لێکدابرانی ستراتژیەت وئیدیۆلۆژیدا خۆی دەبینێتەوە. دەوڵەتەکانی دونیای ئیسلام زۆر بەباشی توانیان بەرانگاری نارەزاییەکان ببنەوە. بەپێچەوانەوە ئیسلامیستەکان بەدەستهەڵگرتن لە ئیدۆلۆژیەکانیان و چوونەنێو کێڵگەی سیاسەتەوە دەوڵەتەکانیان

له کەوتن رزگارکردو زیاتر لەوەش بەهێزیانکردن. هەرچەند ئێمە گوومانمان هەیە لەوەی کە ئەو دوڵەتانە لەبەر لاوازیان بتوانن ئیستیعابی ئەو گووزەرکردنەی(پاساج) ئیسلامیەکان بکەن، وە رەنگە ئەم لاوازیەیان بیان کات بە قوربانیی ئەو گوززەرکردنە.

لەسەر ئاستێکیتر، نیۆ-فۆندامۆنتالیسمش راستەوخۆ هەرەشە لە بوونیەی دوڵەتەکانی دونیای ئیسلام ناکات. وە جەنگ دژی ئیدیۆلۆژی نێۆ-فۆندامۆنتالیست نابێتە جەنگ دژی دوڵەتێکی تایبەت، تەنانەت ئەمەریکایەکانیش تائێستا دەوڵەتێکیان نەدۆزیوەتەوە کە لە پشت نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکانەوەبێت. نە دەوڵەتەکان هەڵگری پرۆژەی نێۆ-فۆندامۆنتالیسمن نە نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکانیش هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتن. زۆر جار دەمانەوێت هەڵوەشانەوەو لابردنو تەفروتوناکردنی رژێم لە سعودیە بخەینە پاڵ بن لادن، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی دروستمان بەدەستەوە نیە تا ئەو گریمانەیەی پێبسەلمێنین. لەکاتێکدا کە سعودی و میسریەکان دەرۆشتن بۆ ئەفگانستان بۆ جیهاد یان پەلاماری بورجەکانی نێۆیۆرکیاندا، رۆژانی پاش ئەورو‌داوە لە میسرو سعودیە هیچ رووینەدا، چوونکە هیچیان ئامادەنەکردبوو بۆ پەلاماردانی ئەو وڵاتانە.

گرفتی ئەمەریکیەکان ئاسان نیە، چۆن دەتوانین دژ بە ئیدۆلۆژی نێۆ-فۆندامۆنتالیسم کاربکەن لە کاتێکدا سعودیە و پاکستان وەک دوو هەرە گەورە هاوپەیمانی ئەمەریکا لانکەی سەرەکی و سەرچاوەی بەهێزی ئەو ئیدۆلۆژیەن؟ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا پێشنیاری گۆرینی مەنهەجی خوێندن دەکات!! ئەم پێشنیارە بەراستی جێگای سەرسورمانە! سەرسورمان لە ستراتیژیەتی تێگەیشتن و چارەسەرکردن. وەڵامی نێو-فۆندامۆنتالیسم بە پەروەردەو خوێندن! لێرەوە جەنگ دژی تێرۆریسم کورتدەکرێتەوە بۆ هەندێ ئۆپێراسیۆنی سەربازی و پۆلیسیی و پەروەردەش هەر بەپۆلیس و سوپا و مارێنز دەسەپێنرێت. سەرۆکی ئەمەریکا کاتێک دێت و لە مانگی دووی 2001 میحوەری شەر لە جیهاندا دیاری دەکات (عێراق، ئێران، کۆریای باکوور) بۆ ئەوەیە سەرچاوەکانی تیرۆریسممان پێنیشانبدات، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە هیچ کام لەم سێ وڵاتە لە تێرۆریسمی بن لادن دا بەشدار نەبوون! لێرەوە جەنابی سەرۆک تیرۆریسم لە هاوڵاتیان دەکات بە کابووس، کابووسێ کە نازانین لە کوێیەو کەی پەلامارماندەدات.

لەنێو ئەم کۆنتێکستە گشتیەی هەرەسی ئیدۆلۆژی و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی شوناسەدا، دیارە بەپێی ڕێزمانێکی ئاینی، غەزووی کۆمینۆتێر تەشەنەدەکات. دیارە ئەم غەزووە هەرلەسەرەتاوە لەسەر دژایەتیکردنی تەوژمی بەفەردیکردنی ئایینداری و هەروەها تەوژمی بەرۆژئاواییکردنی کۆمەڵگەکان خۆی بوونیاددەنێت. لێرەدا دەکرێت بپرسین ئەدی ئاین چۆن جیاوازی خۆی پێشنیاردەکات ؟ دیارە کەدەڵێین ئاین مەبەستمان لە ئاینی ئەمرۆیە، لە ئەمرۆدا، لە ئێستادا. ئاین بەگشتی و ئیسلامیش بەتایبەتی بەهەر سێ چەمکی **شووناس** و **کولتورو شارستانیەت** وەڵامی ئەو جیاوازیە دەداتەوە. بۆ نموونە لە ئێران، سەرلەنوێ فۆرمیلەکردنەوەی مەکانەتی شتە ئاینیەکان لەسەر دوو بنەما ئەنجامدەدرێت: یەکەمیان سیاسەت و دووهەمیشیان بەرگریکردن لەبەهاکان. ئەمە موفارەقەیەکی (پارادۆکس) گەورەیە، ئاخر گەر ئاین بریتیبێت لە گوزارشتکردن لە حەقیقەتێکی جیهانگیر، بێگوومان کولتورێک گوزارشتە لە شتێکی ڕێژەیی و سروشتی کولتورێک توانای هەڵگرتنی سروشتی جیهانیبونی نیە. هەروەها شووناسیش بەردەوام لە تایبەت(پارتیکیولیە) باردەکرێت نەک لە جیهانی. بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئیسلامدا تێبینیدەکین بەپێچەوانەوەیە، جیهانیی (ئاین) دەیەوێت خۆی لە تایبەتدا (شوناس) کوورتبکاتەوە. وە ڕەنگە هەرلێرەوەش بتوانینن تێبگەین لەوەی کە بۆچی لە نێو دونیای موسوڵماناندا حەماسەتێکی گەورەهەیە بۆ تێوری جەنگی شارستانی و شوناس و کولتورەکان. وە لەبەرچی ئیسلامیستەکان وەک توندرەوەکانی ئەوروپا بەدەم ئەو بانگەوازەوە دەچن و پێشوازی لێدەکەن.

**ناساندن:**

**ئۆلیڤەر روا**: مامۆستا بەپلەی پرۆفیسۆر لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستەکۆمەڵایەتیەکان EHESS (دیارە ئەوقوتابخەنەیە گەورەترین و بەهێزترین و باڵاترین قوتابخەنەی توێژینەوەی باڵایە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا و جێگای دەرسوتنەوەی مەزنەکانی وەک پیەر بۆردیۆو جاک دێریداو میشێل فوکۆو پۆل ریکۆر و یێستاش ئالان تۆرێن و بۆلتانسکی و دەیان زانای ترە)، مامۆستا بەپلەی پرۆفیسۆر لە زانکۆی سۆربۆن. توێژەر لە سەنتەری نەتەویی بۆ توێژینەوی زانستی. **کتێبەسەرەکیەکانی بریتین لە** : ئەفگانستان، ئیسلام و مۆدێرنیتێی سیاسی، 1985. شکستی

ئیسلامی سیاسی، 1992. ئاسیای نوێی سەنتراڵ و دروسکردنی نەتەوەکان، 1997. ئێران، چۆنیەتی دەربازبوون لە شۆرشێکی ئاینی، 1999. وەهەمەکانی 11سێپتەمبەر، 2002. ئیسلامی بەجیهانیکراو، 2002. تورکیای ئەمرۆ: وڵاتێکی ئەوروپی! 2004. ئیسلام لەبەرانبەر عەلمانیەدا، 2005.